# سەرنجێك لە زانكۆكانی كوردستان

جەمال پیرە

ناكرێ چاوەڕێی گۆڕانی رادیكالیی بین كە زانكۆكان سیستم و میتۆدەكانی فێركردنیان نەگۆڕیبێ، بەهەمان شێوە ناتوانین خاوەنی مرۆڤی بیركەرەوە بین كە میكانیزمەكانی تێگەیاندن لە زانكۆكانماندا نا ئاكتیڤبن، هەمیشە ئاماژەكانی شارستانیبوونی كۆمەڵ بە زانكۆكانەوە هەڵدەسەنگێنرێت، زانكۆی مردوو زادەی دروستبوونی كۆمەڵگای مردووە، ئاكتیڤبوون و زیندوێتی زانكۆ گەشانەوەی تروسكایی ئاسۆكانی كۆمەڵن، نغرۆبوونیشی لە نێو گەندەڵیی فیكرییدا سەرەنجام ئیفلیجترین مرۆڤ و شێواوترین كۆمەڵگا دێنێتە بەرهەم، لەهەموو شتی مەترسیدارتر نەبوونی پڕۆژەیەكی جیدییە بۆ گۆڕان كە راستەوخۆ واتای چاوەڕێبوونی زۆرترین نەهامەتی دەگەیەنی لە ئایندەدا.

ئەمڕۆكە ولاتی ئێمە لەسەرەتای هەنگاوەكانییەتی رووە و بەمەدەنیبوون و كرانەوەدا، هەموومان بەوە خۆشحالین و گەشبینین كە قۆستنەوەی ئازادییە سیاسییەكان لە پێناو مەرامی گۆڕان و كرانەوەدا بن، ئەوەی كە لای هەمووانمان ئاشكرایە گەورەترین بەربەستی كرانەوە جگە لە كەمی هۆشیاری تاكەكانمان هیچ شتێكی تر نییە، كەمیی یاخود نەبوونی هۆشیارییش لەلای تاكی كورددا پەیوەندی بە سستی و مردوویی میتۆدەكانی فێربوونەوە هەیە كە هەر لە خێزانەوە بەسەقەتی دێت تا دەگاتە سەرجەم قۆناغە پەروەردەییەكانی تر، لە راستیدا زانكۆكانی ئێستای كوردستان ئەگەر بەم شێواز و نەمەتەی خۆیان برۆن ناتوانن شتێكی نوی بخەنە سەر ئاستی مەعریفیی كەسی فێرخواز، ئەوەی كە هەموو لایەك لە نێو زانكۆكانی كوردستاندا هەستی پێدەكەن جگە لە دانانی چوارچێوە بۆ فەزای بیركردنەوەی خوێندكار شتێكی تر نییە، بەنموونە كورتكردنەوەی بابەت و لایەنی تیۆری زانستێك لە تەنها مەلزەمەیەكی بچوكدا دواتریش ناچاركردنی خوێندكار بۆ ئەزبەركردنی كە ئەمە شێوازی وانەوتنەوەی زۆرینەی مامۆستاكانی زانكۆن ئەم واتایەمان پێدەبەخشی كە ئیدی زانكۆ نەک ناتوانی گۆڕان بكات بەڵكو دەتوانم بلێم بەربەستێكی گەورەی بەردەمی گۆڕانیش دەبی، سەدان هەزار دەرچووی زانكۆمان هەن بەلام ئەوانەی كە خاوەن راو بۆچونی نوێ و كاریگەرن ژمارەیان لە ژمارەی پەنجەكانی دەست تێپەڕ ناكات، سەدان خوێندكاری ماستەرمان هەن كە پێوەرە سەقەتەكانی زانكۆ ئەو پایە زانستییەی پێبەخشیون نەک توانا فیكریی و ئەفرێنەرەكانیان، ئەزبەركەرێك زۆر بە ئاسانی دەتوانی پلەكانی خوێندن ببڕێ بە پێچەوانەوە نەک بۆت نییە بگرە گومانی دەرنەچونیشت لێدەكری، زانكۆكانی ئێمە خوێندكار ناچاری گەڕان و هاموشۆكردنی رێڕەوە زانستییەكان ناكات و نایانێرێتە كتێبخانەكان بەلكو فێری زمانی دەرچونیان دەكات بەوەیكە ماندووبونی خۆیان بۆ دەرچوون تەرخان بكەن نەک فێربوون، لە نێوان دەرچوون و فێربوونیشدا دابڕانێكی گەورەی مەعریفیی هەیە، ئەوەیشی كە هۆكاری سەرەكی ئەم حاڵەتەیە سەقەتی سیستم و تەمبەڵی مامۆستاكانە، ئەگەر لێرەوە ئیرادەیەكی بەهێزی گۆڕانی سیستم و دیسپلینێكی یاسایی بۆ هەڵسوكەوت و شێواز و رێچكەی وانە وتنەوە و ئالیەتی بڕینی هەنگاوەكانی پلە زانستییەكان پێوەری راستەقینەی زانستییانە لەخۆوە نەگرێت هەرگیز كۆمەڵگای ئێمە نابی بە قوتابخانەیەک كاراكتەری سەلیم

بەرهەمبێنی، کەواش دەرچوو بێگومان فەزای ئایندەشمانی وەکو رابردوو پڕ لە ئاڵۆزی و سەرگەردانی و دوور لە جوانی دەبی.....

لێرەدا دەتوانین ئایندەی زانکۆکانمان لە نێوان دوو ئەگەری سەرەکیدا ببینینەوە ئەوانیش یان ئەوەتا دەبی بەهەمان ئەو ستایلە کلاسیکەی خۆی وەک زۆر لە وڵاتە عەرەبی و خۆرهەڵاتییەکان درێژە بەمانەوەی خۆی بدات یان دەبی دان بەهەموو ئەو گۆڕانکاریی و تەوژمە نوێیە جیهانییانەدا بنێت کە لەسەرتاسەری دنیادا دانیپێدانراوە و پەیڕەوی یاسا و سیستمەکانی دەکری، کە ئەمەش خۆی لەخۆیدا ویست و ئیرادە و لەخۆبووردوویی و دەستبەرداربوونی بەشێکی گرنگی رابردوو دەخوازی، دیارە نەبوونی هەوڵێک کە مەبەستی سەرەکیی گەیشتن بێ بەم هەنگاوە کراوەیە مانای نەبوونی وزەی گۆڕانە لای عەقڵی زاڵی کۆمەڵ، هەلبەتە هەموو ئەو گۆڕانە بنەڕەتییانە پەیوەندیان بە خودی پێشکەوتنەکانی کۆمەڵی مرۆییەوە هەیە، ئەوەی کە هیچ لایەکمان ناتوانین و نەمانتوانیوە لێیەوە دەربازبین.........................